ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
71
10ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 2023

## فەلەستین، لە سەربەخۆییەوە بۆ ئازادی!

مەنسور حیکمەت ....... لاپەڕە ١١



## نەدانی مووچە زەوتکردنی مافی ژیانە!



**موحسین کەریم**

تائیستا کرێکاران و کارمەندانی حکومی و مامۆستایان و خانەنشینان و سەرجەم ئەو توێژانەی کە بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو مووچەو هاوکاریانەیە کە لەلایەن حکومەتەوە پێیان دەدرێ، مووچەو هاوکاریە داراییەکانی مانگی (٨)یان وەرنەگرتوە! واتە ئەو مووچەو هاوکاریەی کە بڕیاربوو بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان و کرێ خانوو و کرێی کارەباو خزمەتگوزاریەکانی مانگەکانی ٨ و ٩ و ١٠یان پێ دابین بکردایە، لەناو گێژاوی ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدادا گیری خواردوە. حکومەتی هەرێمیش، کە ماوەی( ٣١) ساڵی ڕەبەقە داهاتی کوردستان لوش دەدات و بەرپرسانی حزبە سەرەکیەکانی پێکهێنەری حکومەت و هاوئاوازەکانیان لە خێزانی بۆرژوازی لە گۆڕان و ئیسلامیەکان وئەوانی دیکە، بە دەیان ملیارو ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان کەڵەکە کردوەو ژیانی شاهانەیان بۆخۆیان و مناڵەکان و خێزانەکانیان دەستەبەر کردوە، مێشێک میوانیان نیەو ئامادە دەنین دەست بکەن بە گیرفانی پڕلەتاڵانی خۆیاندا و بڕێک لەوەی لەو ماوەیەدا لە خەڵکیان دزیوە، بۆ مووچەخۆرانی بگێڕنەوە! بەوجۆرە ژیانی سەدان هەزار هاوڵاتی کارمەندی حکومەت و خێزانەکانیان لەلایەن ئەو حکومەتەوە بە نادیار و قەدەر سپێردراوە!
ئەو دۆخەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارە تاڵانچیەکان و هاوبەشە دزەکانیان لەناو پەرلەمان و دامەزراوەو ئەنجومەنە محەلیەکاندا، بەسەر خەڵکی کوردستاندا

بۆ لاپەڕە ٢

## موچەو قەوارەی هەرێم!

**عوسمانی حاجی مارف**

نەمانی تەواوی متمانەی نێوان هەرێم و بەغدا، پەیوەندیەکانی نێوانیانی بەرەو ئاڵۆزی و ناڕۆشنی بۆ ئایندەیەکی نادیار بردوە، کەلەم نێوەدا هەر ڕێکەوتن و پرتۆکۆلێک و بنەمای دەستوری پێشویان هەرچیەک بوبێت، بواری کارکردنی هاوبەش و پێکەوەییان لە حوکمڕانی و دەسەڵاتی سیاسیدا لەدەستداوە. کارکردنێک کە لەناواخنی ڕێکەوتنی هێزی میلیشیاو لەسەر تاڵانی و گەندەڵی و دزیەوە بەرهەم هاتووەو یەکیانگرتووە. ئاڵۆزی ئەم پەیوەندیەش لە ژێر کاریگەری هاوسەنگی هێزەکاندا بەم ئاکامەی ئێستای گەیشتووە، کە لەسەر

بۆ لاپەڕە ٣



## جەنگی ئیسرائیل بۆسەر غەززە!

**دەشتی جەمال**

بۆ لاپەڕە ٥

## غەززە ئاوێنەیەک بۆ ڕوانین لە جیهانی "شارستانی"!

**بەیاننامەی دووەمی هەرسێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی (عێراق و کوردستان و حیکمەتی/خەتی ڕەسمی)**

بۆ لاپەڕە ٧

## سیاسەتی پاکتاوکردنی فەلەستینیەکان!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی..........نەدانی مووچە زەوتکردنی مافی ژیانە!

سەپێنراوە، بەوەی کە تاکە سەرچاوەی ژیانیان لێ زەوت کردوون، بە کردەوە مانای سەندنەوەی مافی ژیانکردنە لە سەدان هەزار خێزانی کوردستان. ئەوە لەکاتێکدایە کە خۆیان بێشەرمانە و بەبەرچاوی خەڵکەوە ژیانی شاهانە بەسەردەبەن.

خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و موچەخۆران دژ بە دواخستن و نەدانی مووچەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە و هەروەها پشتیوانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان کە بەدەست دەسەڵاتی ئەم حزبانەی بۆرژوازی کوردەوە ژیانی ئەوانیش بە فەرامۆشی سپێردراوە، خەبات و هەوڵدانە بۆ بەرگریکردن لە مافی ژیان، بۆ درێژەدان بە ژیان و بۆ مانەوەیە، بۆ مانەوەیەک بە کەرامەتەوە! بۆیە نەک هەرجۆرە نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتکردنێکی دەوامکردن مافێکی سەرەتایی و بێئەملاولاوی ئەوانە، بەڵکو هەرجۆرە رێگری و فشاردانانێکی دەسەڵاتداران بۆ بێبەشکردنیان لە مافی بەرگریکردنیان لەژیانی خۆیان و خێزانەکانیان، تاوانێکی دەست ئەنقەستی دەسەڵاتدارانی کوردایەتیە لەپاڵ تاوانی بڕینی سەرچاوەی ژیانیان بەنەدان و دواخستنی مووچەکانیان. ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی بەناچاری ملیداوە بە خۆپیشاندان لە سنورێکی دیاریکراوو کۆنترۆڵکراودا، بەوەش دەیەوێ خۆی لە تاوانی بڕینی سەرچاوەی ژیانی مووچەخۆران بێبەری بکات، ئەوا پارتی بە رێگریکردن لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵک، هوشیارانە دووجار تاوان بەرامبەر بە ژیان و سەلامەتی مانەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران و مووچەخۆران دەکات. پارتی کە لەتاڵانکردنی داهاتی کوردستاندا پشکی شێری بەردەکەوێ، بە بایەخدانەنان بۆ مەسەلەی مووچەو بژێوی موچەخۆران و هاوکات رێگەنەدان بە دەنگهەڵبڕینیان بۆ داواکردنی مافی زەوتکراویان، تاوانێکی نەبەخشراو بەرامبەر بە مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدات.

گومان لەوەدا نیە کە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین و داخستنی دەرگای خوێندنگاو زانکۆ و فەرمانگەکان، فاکتەرێکی گرنگی فشارخستەسەر دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کوردە بۆ ملدان بە دابینکردنی مووچەی مووچەخۆران، بەڵام تەنگەبەربونەوەی بە ناوچەیەکی کوردستانەوە خاڵێکی لاوازی ئەو بزوتنەوەی نارەزایەتیەی مامۆستایان و فەرمانبەران و مووچەخۆرانی کوردستانە. کاتێک پارتی بەوڕادەیە فشار لەسەر خۆی هەست پێنەکات و یەکێتیش رێگەدان بە خۆپیشاندان وەکو فەزڵێک بە خەڵک بفرۆشێتەوە، ئیتر کاریگەری خۆپیشاندانەکانیش تەنگەبەرتر دەبنەوە. ئەوە بێجگە لەوەی کە خۆپیشاندەران لە کەمترین شێوازی رێکخراوبوون بەهرەمەندن و کەمتر پارێزراون لە کاریگەری سیاسی حزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازیش. چەندین ساڵە مامۆستایان و کارمەندان خۆپیشاندان دەکەن، بەڵام تائێستا ئەو نارەزایەتی و خۆپیشاندان و چالاکیانەیان نەیگەیاندوەتە ئەوەی کە خۆیان رێکخراو بکەن و رێکخراوی جۆراوجۆری خەباتکاری جەماوەری مامۆستایان و فەرمانبەران لەناوەندەکانی خوێندن و فەرمانگەکاندا پێک بهێنن. ئەوەش وایکردوە کە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان هەمیشە لەلایەن لایەن و گروپی سیاسی بەرژەوەندخوازەوە بەلاڕێدا ببرێن و ساردو خاوبکرێنەوەو کۆتاییان پێ بهێنرێ، یاخود نەهێڵن لە سنورێکی دیاریکراو زیاتر تێپەڕێ. بەوەش هەمیشە هەوڵ و قوربانیەکانی خۆپیشاندەران لەجیاتی ئەوەی ببێتە دەسکەوتێکی جێگیر بۆخۆیان کە لەهەنگاوی داهاتوودا بەدەستیانەوە بێت و سوودی لێوەربگرن، دەبێتە روداوێکی کاتی بۆ ئەوان و دەبێ هەموو جارێک لە هەنگاوی سەرەتاوە دەست پێبکەنەوە!

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤاییەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

رێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی: جەمال موحسین
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# درێژەی... موچەو قەوارەی هەرێم!

عوسمانی حاجی مارف

نەمانی تەواوی متمانەی نێوان هەرێم و بەغدا، پەیوەندیەکانی نێوانیانی بەرەو ئاڵۆزی و نارۆشنی بۆ ئایندەیەکی نادیار بردوە، کەلەم نێوەدا هەر ڕێکەوتن و پرتۆکۆلێک و بنەمای دەستوری پێشویان هەرچیەک بوبێت، بواری کارکردنی هاوبەش و پێکەوەییان لە حوکمڕانی و دەسەڵاتی سیاسیدا لەدەستداوە. کارکردنێک کە لەناواخنی ڕێکەوتنی هێزی میلیشیاو لەسەر تاڵانی و گەندەڵی و دزیەوە بەرهەم هاتووەو یەکیانگرتووە. ئاڵۆزی ئەم پەیوەندیەش لە ژێر کاریگەری هاوسەنگی هێزەکاندا بەم ئاکامەی ئێستای گەیشتووە، کە لەسەر بنەمای پێگەی پێکهاتەی هیزە میلیشیاکان، بازاڕی کەڵەکەی سەرمایە دابەشکراوە.کاتێک دۆخی هێزە میلیشیاکانی عێراق خۆیان نەگرتووەو پێگەی لاوازیان هەبوو، هەموو شتێکیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دابەشدەکرد، پارتی و یەکێتیش لەڕیزی پێشەوەی ئەو دابەشکردنەدا بێمەرج وەستان و لێیان خوارد.

ئەوەی ئێستا پێشهاتووەو بە ئاراستەی ئایندەی دۆخی عیراقدا دەڕوات، زاڵبونی سیاسەت و ڕوانگەی حکوومەتی فیدراڵی و بەرزبونەوەی پیگەی ڕەوتی سیاسیی شیعەیە لە پەیوەندو ئاوێزانبون بە بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەناسرێت. ڕێڕەوی ئەم زاڵبونەش دەیەوێت دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بخاتە ناو هێژمونی هەمان چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراق و ملکەچی دەسەڵاتی شیعەوە کە چوارچێوەی هەماهەنگی و سەدریەکان نوێنەرایەتی دەکەن. ئەمەش ئەو فشارەیە کە مانای چارەنوسێکی کۆتایی یان سنوردار خەریکە بۆ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دیاری دەکات. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین قەوارەی هەرێم لە مەترسی زیاتر بچوکبونەوەو لە ناوچوندایە.

لەهەمانکاتدا بەغدا دەبینێت بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێم پیگەی سیاسی و سەربازییان مانایەکی نیە و پارتی و یەکیتیش لە دژایەتی یەکتردان، بۆیە هەلێکی گونجاوە بۆ حکومەتی عێراق پرۆژەی ناوەندکردنەوەی عێراق بە خێراتر بەڕێوەبەرێت. لەلایەکی تریشەوە سەختی دۆخی هەرێم لەوەدا خۆی نیشان ئەدا، لەدەستدانی تەواوی متمانەی خەڵکە بە حکومەت و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانی هەرێم. ئەمەش خاڵێکی تری سەرنج ڕاکێشە لە نیشاندانی لاوازی حزبە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە بەردەم جەماوەرێکدا کە سی و دوو ساڵە لە چاوەڕوانی و بێئومێدی و نەهامەتیدا ڕایانگرتون. دەبینین بەغدا وەڵام بە شایستە داراییەکانی هەرێم ناداتەوەو موچە نانێرێت، بەڵام تائێستا خەڵک دژی بەغدا نارەزایەتیان نیشان نەداوە.

ئایندەی قەبارەی هەرێمی کوردستان باس و مەسەلەیەکی سەرنج ڕاکێشە لە ناوەندێکی بەرفراواندا. بە جۆرەها دەستەواژە تەعبیر لە کۆتایی و هەرەسهێنان و ئاشبەتاڵ و لەبەینبردنی دەکرێت. تا ئەو ئاستەی لەنێو سەرکردایەتی حزبەکان و دەسەڵاتدارانیشدا پێشبینی ئەو مەترسیە لە ژیانی سیاسی ئەزمونی حکومەت و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەکرێت.

بەغدا بەردەوام گوشارەکانی لەسەر هەرێم توندتر دەکاتەوەو بێنەوبەرەو یاریان پێدەکات. کە لەم بارەیەوە بەغدا هیچ مەترسی و دودڵیەکی نیە لە پەرچەکرداری مەترسیداری هێزەکانی پارتی و یەکێتی، چونکە پێگەو توانا سەربازیەکانیان و نائامادەییان بۆ شەڕ باش دەناسێ. چونکە توانایی هێزە میلیشیاکانی عێراق ڕێکخراوترو بەتواناترو ئامادەترە. هەروەها پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشی هەیە، چونکە ئێران پارێزەری ئەو سیستەم و حوکمڕانیەی ئێستایە کە لە بەغدا هەیە. تا کۆماری ئیسلامی مابێت، ڕێگە نادات ئەم حکومەتەی عێراق بگۆڕدرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تائێستا هیچ ڕوناکیەک بۆئەوەی ئاڵوگۆڕێک لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێتەدی، بەدی ناکرێت.

هەربۆیە عێراق وەک پێگەی دەوڵەتبوون، لەڕێگەی دادگای فیدراڵی عێراق و بە بڕیاردان بە نادەستوری ناساندنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی ئەو وابەستە ئابوریەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی بە بەغداوە، عێراق بەو میکانیزمە دەسەڵاتی خستەگەڕو لە شادەماری ئابوری و دیبلۆماسی هەرێمی کوردستانی داو تەواو سنورداری کرد، کە لە ئایندەدا لەدەستدانی ئەم مامەڵەو بازرگانیە بە نەوت، پێگەی سیاسی و دیبلۆماسی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا تەواو لاوازترو بێدەسەڵات دەکات.

بەغدا بەحوکمی ئەو پێگە سیاسی و نێودەوڵەتیەی کە هەیەتی، توانیویەتی لە گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان جگە لە دادگای فیدراڵی، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی نەوت و پەرلەمانی عێراق و بانکی ناوەندی و چەندان دامەزراوەی تری فیدراڵی کە لەژێردەستی دەوڵەتدان، فشارێکی گەورە بخاتە سەر هەرێمی کوردستان.

لەهەمانکاتدا نابێت ئەوە لەبیربکەین کە ئەو ئاڵوگۆڕەی لە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەدا پێشهاتووە بەگشتی لە بەرژەوەندی عێراقدا دەردەکەوێت و نەک هیچ خێرێکی بۆ هەرێم نیە، بەڵکو ئاراستەکانی وەها نیشان ئەدات کە زیانی زیاترە بۆ قەوارەی هەرێم. ئەو هەنگاوانەی لەوبارەیەوە دەرکەوتەی ئەرێنیان بۆ عێراق نیشانداوە،

⇦

نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداوە لە عێراق، بەتایبەت سعودیە و قەتەر و ئیمارات. هەروەها نزیکبوونەوەی تورکیا و وڵاتانی کەنداو، نزیکبونەوەی ئێران و ئەمریکا، هەستانەوەی ڕژێمی ئەسەد و هتد، پشتیوانیەکی گەورەن بۆ زیاتر بەرزبونەوەی پێگەی حکومەتی عیراق. لەهەمانکاتدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە هیچ یەک لەو وولاتانە پێویستیەکیان بە حیزبە کوردیەکان نەماوە، تابۆ بەرژوەندیە سیاسیەکانیان بەکاریان بهێنن. ئەمەش ئەو دۆخە هەستیارەیە کە لەڕای گشتیدا بە هەرەس یا کۆتایی حکومەتی هەرێم تەعبیری لێدەکرێت. لەوانەیە حکومەتی عێراق و هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە پێشتر ترسیان لەپارتی و یەکێتی هەبوبێت کە لە نەیارەکانیان نزیک ببنەوە، بەڵام گۆڕانی دۆخەکە ئەو ترسەی نەهێشت. هەروەها لەبەر چۆنیەتی و پەیگیری لە پەیوەندیەکانیان پێویستیان بەوە نیە دۆستایەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەن یان لەبەرامبەر یەکتردا یارمەتی هەرێم بدەن.

هەر بۆیە بچوکردنەوەی قەوارەی هەرێم و زیاتر لاوازکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری و دیبلۆماسیەکەی لەگەڵ چونەپێشەوەی ڕوداوەکاندا، زیاتر ڕادەستکردنی بە سیاسەت و نەخشەی ناوەندبونەوەی عێراق نزیک دەکاتەوە. دواتریش هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی سەربەخۆ و جیاواز، تەواو پوچەڵ دەبێتەوە. ئەوەش کە ئێستا دەیبینین پرۆسەی گەڕانەوە بۆ بەغدا تا ئاستی ڕادەستکردنی دۆسیەی نەوت، داهاتی خاڵە سنوریەکان و دامەزراندنی سوپای عێراق لەسەر سنورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیاو سووریا وئێران، بەشێکی جێبەجێ کراون.

ئەتوانین بەگشتی ئەوە درک پێبەکەین کە بارزانی و تاڵەبانی لە قەیرانێکدا دۆشداماون. ڕووناکی و پەناگایەک شک نابەن لەم بنبەستە دەریان بهێنێت. تەنها چاوەڕوانی موعجیزەی ڕوداوێکن لە ئەگەری ئەوەی دەرگای دەرچونی ئەم گێژاوەیان لێ بکاتەوە. ئەوەی شایانی باسە ڕووداونی شەڕی ئیسرائیل و حەماس و ململانێی لایەنەکانی بەشدار لەم شەڕەداو مەترسی فراوانبونەوەی ئەم شەڕە لەسەر ناوچەکە، ئەگەری ئاماژەیەک دەستنیشان ناکات کە هیچ سودێکی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەبێت.

لەم کەین و بەینەدا، ئەوەی بەدەستیانەوە ماوە یەکلاییکردنەوەی موچەی پێشمەرگەو فەرمانبەران و مامۆستایانە. لەم بارەیەوە بەغدا دەمێکە وەک وەرقەیەکی فشار مامەڵە بە مەسەلەی موچەوە دەکات، تا پێگەو قەوارەی هەرێم زیاتر بێبایەخ نیشان بدات. حکومەتی بارزانی و تاڵەبانی بەلەدەستدانی ئەو ئیمتیازانەی شانازییان پێوەدەکرد بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیان لە هەرێمدا، بەتایبەتی بازرگانی بەنەوت، شکۆی دەسەڵاتەکەیانی هێناوەتەخوارەوە. بۆیە گەر هەر دابەزینێک لە ئاستی پێگەو ئیعتباری سیاسیان ڕویدابێت ئەگەرێتەوە بۆئەو حاڵەتەی تێی کەوتون.

ئاشکرایە کە دابینکردنی موچە ئەتوانێ بوارێک بێت بۆ ئاستێک لە پاراستن و ڕاگرتنی پێگەی سیاسیان، بەڵام ئەوەی خاڵی لاوازی ئەم دۆخەیە، حکومەتی هەرێم وەها نیشان ئەدات بەبێ بەغدا، ناتوانێ ئەو موچەیە وەک پێویست دابین بکات. بەپێی دەستورێک کە هیچ بەهایەکی نەماوە، ئەوە ڕادەگەیەنن هەگبەکەیان خاڵیەو کاری بەغدایە موچەکەیان ڕادەستکات و ئەمان دابەشی بکەن. هەڵبەتە کێشمەکێشی هەرێم و بەغدا لەسەر موچە بێنەوبەرەیەکی زۆرە لە حساباتی هەردولایاندایەو هەر لایەنێکیان بەڵگە دەهێنێتەوەو قسەی لەسەر دەکرێت، تا ئەو ئاستەی باس لەوەدەکرێت کە ئەم موچەیە باشتر وایە ڕاستەوخۆ بەغدا خۆی دابەشی بکات. هەرێمیش بەم پێشنیارە زۆر تورەو قەڵسە، چونکە بەجیا لەوەی هەر سودێک و دزیەک و ناڕۆشنیەک لە چۆنیەتی دابەشکردنەکەیدا بۆ سەرکردەکانی هەرێم قسەی لەسەر هەبێت، بەڵام لێسەندنەوەی دابەشکردنی ئەو موچەیە لە حکومەتی هەرێم، مانای کۆتایی پێکهاتەی حکومەتی هەرێمە. بۆیە حزبە دەسەڵاتدارەکان لە هەرێم تا بتوانن خۆیان نادەن بەدەستەوەو قەبوڵی ناکەن بەغدا بۆ خۆی ڕاستەوخۆ ئەو موچەیە دابەش بکات. بە مانایەک کێشەی ئەم موچەیە بۆتە بەڵا لەسەر قەبارەی هەرێم. لەهەمانکاتدا بەغداش لەسەر ئەم موچەیە بەهەر حساباتێک کە لێپرسینەوە دەکات لەسەر داهات و خەرجی هەرێم، ئێستا وەک گەمەیەک و یاریکردن بەدەسەڵاتی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ئەملاوئەولایان پێدەکات و شکۆی ئیعتباری سیاسیان زیاتر دادەبەزێنێت، تائەوکاتەی هەلێکی گونجاو لە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو عێراقدا دەرەخسێت، کە بتوانن حکومەتی هەرێم هەڵوەشێننەوە. واتە لە ئێستادا پێکەوەلکاندنیپەیوەندی نێوان "موچە و قەوارەی هەرێم" و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیان، ئەو کارتەیە کە حکومەتی عێراق لە کاتێکی دیاریکراودا ئەتوانێ بڕیار لەسەر چارەنوسی حکومەتی هەرێم بدات..!

ناوەڕۆکی ئەم کێشمەکێشە کە قوربانیەکەی پێشمەرگەو فەرمانبەران و مامۆستایانی هەرێم و خێزانەکانیانە. لەهەمانکاتدا هۆکاری نارەحەتی گوزەرانی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە. ئاشکرایە ئەو لایەنانەی حکومەتی هەرێمیان پێکهێناوە، باش دەزانن ئاکامی ئەم یاریکردنە بەرەو کوێیان دەبات. بەڵام بەدروشمی کوردایەتی و فەزلفرۆشی و منەتکردن بەسەر خەڵکدا ئەوەندە نابەرپرسن، هیچ هەنگاوێک نانێن کە لایەک لە ژیانی ئەو خەڵکە بکەنەوە.

★

# جەنگی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە!

## دەشتی جەمال

هاوڕێ جەبار موحسین سەبارەت بە لێکدانەوە و سیاسەتی حیزب بەرامبەر بەجەنگی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، کە لە بەیاننامەکانی حیزبدا هاتوە، سەرنجێکی نوسیوەو دەڵێ :" حیزب چارەسەرێکی واقعیانەی نەخستوتە ڕوو، بەڵکو هەموو داوای وەستانی شەڕ دەکەن" هەروەها دەڵێ "چارەسەرەکەی حزب هێشتا کەمترە لەو چارەسەرەی ڕووسیا خستوّتیەڕوو... بۆچی باسی شۆڕشی کرێکاری ناکەن... یان لایەنی کەم پێکهێنانی یەک دەوڵەت دوور لە ئینتیمای قەومی و دینی کە مافی هاوڵاتیان بپارێزێت"؟

بێگومان ئەو سەرنجەی هاوڕێ جەبار، چەند خاڵێکی گرنگی خستۆتەڕوو، کە ڕەنگە جێگای سەرنج و تێرامانی کەسانی دیکەش بێت، لەورووەوە بەپێویستی دەزانم کە ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر هەر یەکە لەو مەسەلانە بخەمە بەردەست، بەوهیوایەی کۆمەک بەزیاتر ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بکات.

سەرەتا با لە پرسی وەستانی شەڕەوە دەست پێبکەین:

بەڵێ ئەم شەڕە دەبێت ڕاوەستێ. ئەم کوشتارگە و تاوانکارییە درندانە بێوێنەیەی کە حکومەتی فاشستی ئیسرائیل بە پاڵپشتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە هەزاران منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەی کردوّتە قوربانی دەبێت کۆتایی بێت. ئەو پەلامارە هەوسار پچڕاوە کە شەو و ڕۆژ لە دەریا و ئاسمان و زەوییەوە قوتابخانە و نەخۆشخانە و کەمپی پەنابەر و ئاوارە و شوێنی ژیانی بەهەزاران ئینسانی بێتاوانی کردوّتە ئامانج، کارەساتێکی گەورەی ئینسانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهاندا دروست کردوە. ئەم جەنگە بەڵا و کارەساتێکە کە دەبێ بەرلەوەی ئێمە چۆن بیر دەکەینەوە و چ سیاسەتێکمان هەیە، ئەم تارماییە ڕەشە و ئاسەوارەکانی لەسەر خەڵکی فەلەستین و کۆمەڵگای جیهانی هەڵگیرێت.

ئەم جەنگە دەبێ ڕابگیرێت، چونکە نەک تەنیا خەڵکی فەلەستینی لە غەززە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی کردوتەوە، بەڵکو بۆتە سەرچاوەیەک بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتە کۆنەپەرست و دژە ئینسانییەکانی وەک ڕاسیزم و فاشیزم و ئیسلامی سیاسی و بەهانەی درێژەدان بە ئینسانکوژی. ئەم جەنگە دەبێ بوەستێت، چونکە بۆتە هۆکارێکی فراوانبوونەوەی میلیتاریزمی ئەمریکایی و وڵاتانی ئەوروپا و ڕاکێشانی هێزی سەربازییان، هاوکات بۆتە مایەی چالاکبوونەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و حیزبوڵای لوبنانی و هێزە میلیشیاکانی عێراقی و حوسیەکانی یەمەن و هەوڵەکانیان بۆ نائارام کردنی ناوچەکە و سەرەنجام پاشەکشەپێکردن بەڕەوتی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان کە لەسەر زەمینەی قەیرانی ئابووری و سیاسی بەرۆکی بەچینی دەسەڵاتدار گرتووە.

یەکەم: بەڵام داوای وەستانی جەنگ بەچ مانایەکە لە سیاسەتی ئێمەدا؟

ئەوەی ڕوسیا داوای دەکات، تەنانەت ئەوەی کە وڵاتانی عەرەبی وەک ئەردەن و میسر.. داوای دەکەن وخودی ئەوەی کە وڵاتانی ئەورووپایی لە دواکۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەیاندا لە بڕۆکسل ڕێکیانخستبوو و داوایانکرد، ئەوەیە کە "ئاگربەستی کاتی بۆ فریاکەوتنی لایەنی مرۆیی" لە غەززەدا، خراوەتەسەر زمانی میدیاکان. لەمەش زیاتر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جاروبار دێتە سەرخەت و باس لە ئاگربەستی کاتی دەکات.. کە دیارە هەرهەموویان لەژێر زەخت و فشاری ئەو ناڕەزایەتییانەدان کە لە دژی ئیسرائیل و تاوانەکانی هاتوتە مەیدان و شەقامەکانی داگرتووە و ڕۆژانە یەخەی حکومەتەکانیان دەگرێ، هاوکات ئەم جۆرە داواکردنەی ڕوسیا و هاوشێوەکانی ڕووی لەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە، ناتوانن کوشتوکوشتار و کاولکارییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل پاساو و پەردەپۆش بکەن و بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی خۆیان لە جیهانی چەند قوتبیدا، هەڵوێستێک بگرنەبەر و واخۆیان نیشان بدەن کە لەڕیزی خەڵکی کارەساتباری غەززەدان. بەڵام ئەمە ڕاوەستانی جەنگ نیە، ئەوەی ئێمە و خەڵکی ئازادیخواز و بەشەردۆست و ڕاوەستاو بەرامبەر بەتاوانەکانی ئیسرائیل داوای دەکەین وەستانی ماشینی جەنگیی کاولکارییە، بەواتای کشانەوەی هێزی داگیرکاری ئیسرائیل و ڕاوەستانی بۆردومانەکان و شکاندنی گەمارۆیەکی سەربازییە کەلەسەر خەڵکی مەدەنی غەززە داناوە و کۆمەڵگایەکی زیاتر لە دوو ملیۆنی لە گەمارۆی بێ ئاوو کارەبایی وە داودەرمان و سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیاندا ڕاگرتووە ، بەمانای دەستبەجێ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەو یارییە دیبلۆماسییە کە ڕوسیا و قەتەر و سعودیە و ئێران و... بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستیان داوەتێ. ڕاوەستانی جەنگ یانی گێڕانەوەی دۆخەکە بۆ بەرلە ٧ی ئۆکتۆبەر، ئەمە دەتوانێ پێشینە و زەمینەی ئەوە پێکبهێنی کە ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشەی فەلەستین کەخۆی لەپێکهێنانی دوو دەوڵەتدا دەبینێتەوە بهێنێتە ئاراوە. ڕاوەستانی جەنگ یانی بڕینی دەستی ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی لە ئەوروپا و ناوچەکەدا، کە لەشکرکێشی و جەنگ و میلیتاریزم لەسەر حیسابی کاولکاری و کوشتاری زیاتر درێژە پێبدەن. تەنانەت بەمانای بڕینی دەستی حەماس و جیهاد و حیزبوڵڵە و هەر هێزێکی فاشیست و

کۆنەپەرستە کە بیەوێت دەست بۆ چەک و هەڵدانی موشەک بەرێت. ئێمە بەم مانایە داوای ڕاوەستانی جەنگ دەکەین و ئەمە بەهەنگاوێکی گونجاو و عەمەلی دەزانین تا برینێک کە لە جەستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکۆڵراوە، کەناوی کێشەی فەلەستینە، ڕێگاچارەیەکی سیاسی بدۆزێتەوە.

دووەم: ئایا جەنگی ئیسرائیل لە غەززە، شۆڕشی کرێکاریی لەبیر بردوینەتەوە!

سەرەتا شۆڕشی کرێکاری وەڵامێکی تەنهای ئێمە، کۆمۆنیزمی کرێکارییە بە نیزامی سەرمایەداری و قەیرانەکانی. بەهەموو جۆرە جیاکاری و ستەم و چەوسانەوەیەک. بە لە ئارادابوونی کۆیلەیەتی بەکرێ و موڵکداریێتی تایبەتی چینی بۆرژوازی. ئەم شۆڕشە ڕێگایەکە بۆ بردنی کۆمەڵگا بەرەو دنیایەکی ئازاد و یەکسان و باشتر... بەڵام ئەم شۆڕشە و ئەم ڕێگایە پێداویستی خۆی هەیە و بە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیدا دێتە ئاراوە کە واقعییەتی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینی کرێکار بەکردەوە لەگەڵیدا بەرەوڕووە و پێویستی بەوەیە کە ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکار و بۆرژوازی لەسەر بردنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو ئاڵوگۆڕی سۆشیالسیتی چەق بەستبێت. بەمانایەکی تر ئەوە ڕاستە کە هەموو کێشە و موسیبەتەکان بەجەنگەکانیشەوە، بەپێی مەنتق ڕیشەیان لە سەرمایەداریدایە و بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری، وەڵامەکەی سۆشیالسیزمە "سۆشیالیزم یان بەربەریەت". بەڵام مەنتق تا واقعیات دوو بابەتی جیاوازن و ئەگەر مەبەستمان ئەوە نەبێت "شۆڕشی کرێکاری" وەک دروشمێک لەبەرامبەر هەر واقعیاتێکی کۆنکرێتدا دووبارە بکەینەوە لەبەرامبەر هەرمەسەلەیەکدا، بەرزی بکەینەوە، ئەوا دەبێت بۆهەر کێشە و مەسەلەیەک وەڵامی کۆنکرێت و واقعی بدەینەوە. ئەگەر وانەکەین، نەک توانای دەخاڵەتگەری سیاسی و عەمەلی لە کۆمۆنیستەکان و کرێکاران دەسێنینەوە، بەڵکو بەکردەوە شۆڕشی کرێکاری لەبەرامبەر ئەو بەربەستانەدا ڕادەگرین کە کۆمەڵگا هێناویەتە پێشەوە. لەم ڕوانگەیەوە لەئێستادا کە جەنگێک لەغەززە بەرێکەوتووە، شوێنی کار و ژیانی نەک هەرکرێکارانی وێران کردوە، بەڵکو هەموو خەڵک و کۆمەڵگای چ لە ئیسرائیل و چ لە فەلەستین ڕووبەڕوی کارەسات کردۆتەوە. ئێمە ناتوانین لە دوورەوە هەر بڵێین "شۆڕشی کرێکاری"، بەڵکو دەبێ سیاسەتێکی عەمەلی بەرامبەر بە جەنگەکە و گێڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ دۆخێک کە سەر ڕاستانە کرێکاران و بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی دەخاتە بەرامبەر بەیەکەوە. بێگومان کۆتاییهێنان بە جەنگ و وەستانی بۆردومان وکاولکاری و کشانەوەی هێز، بەلایەک و بەربەستێک لەکۆڵ چینی کرێکار دەکاتەوە.

سێهەم: پێکهێنانی یەک دەوڵەت، بەدەر لە ناسنامەی قەومی و دینی.

ئێمە دژی پێشنیارێکی لەو جۆرە نین کە لەدۆخێکی واقعیدا ئیمکانی ئەوە هەبێت کەیەک دەوڵەتی سکولاری ناقەومی و نادینی، لەئیسرائیلدا، وەک ڕێگاچارەیەک لەلایەن بزووتنەوەیەکی واقعی و کۆمەڵایەتیەوە، بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین مەترەح بکرێ. بەتایبەتی کە کۆمۆنیستەکان جووڵانەوەیەکی جیاخوازی گشتی نین لەبەرامبەر هەرمەسەلەیەکی نەتەوایەتیدا. بەڵام بەداخەوە ئەزموون و مێژوویەک کە کێشەی فەلەستین بەهۆی لەسەرکاربوونی دەوڵەتێکی فاشیستی لەلایەک و لاوازی بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ چ لەئیسرائیلداو چ لە فەلەستیندا لەلایەکی ترەوە، قەڵشتێکی گەورەی لە هەردوولاوە پێکهێناوە و پێشنیارێکی ئاوای کردۆتە ئارەزوویەکی نامومکین. لە دەیەکانی پێشووتردا و تەنانەت لەسەردەمی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین ئەم بۆچوون و پێشنیارە لەلایەن بەشێک لە چەپەکانی ئیسرائیلی و فەلەستینیەوە هێنرایەکایەوە و بەداخەوە نەیتوانی ببێتە ڕێگاچارەیەکی عەمەلی بۆ کێشەی فەلەستین و تائێستاش لەحاشیەدا ماوەتەوە، چونکە بزووتنەوەیەکی واقعی و کۆمەڵایەتی کە ئەم تەرحە بکاتە ڕێگاچارەیەکی واقعی لەمەیداندا نیە و بۆ کۆتایی هێنانیش بەو ڕقەبەری و کێشمەکێشە ئاینی و قەومییەی کە جووڵانەوە بۆرژوازییەکانی تر لەنێوان خەڵکی ئیسرائیل و فەلەستیندا دروستیان کردووە، پێکهێنانی دوو دەوڵەتی هێناوەتە پێشەوە. بۆیە ئێمە لەئێستادا لایەنگری بۆچوون و پێشنیارێکی لەم جۆرە نین. وەک دوا خاڵیش نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕاستەوخۆ حزبێکی دەخیل نیە نە لە ئیسرائیل و نە لە فەلەستین و دیاریکردنی نیزامێکی سکولاری ناقەومی و نادینی مافی ئەوانە نەک ئێمە..

٩/١١/٢٠٢٣

**فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و بەتایبەتی ڕۆژاوا بۆ دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕی ئیسرائیل لەدژی دانیشتوانی غەززە، ئەو فاکتەرە کاریگەرەیە کە دەتوانێ ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا کە پشتیوانی بێمەرجی ئیسرائیلن لەم تاوانکاریەیدا دژ بە خەڵکی غەززە، ناچاربکات دەستبەرداری پشتیوانی بێمەرجیان بن لە ئیسرائیل و هاوکات فشار لە ئیسرائیل بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکەی دژی خەڵکی منالان و خەڵکی مەدەنی فەلەستینی! کۆتایی جەنگی ئیسرائیل واتە راگرتنی پرۆسەی جینۆسایدی خەڵکێک کە گەمارۆدراون و لە هەموو ئیمکاناتێکی ژیان بێبەشکراون!**

# غەززە ئاوێنەیەک بۆ ڕوانین لە جیهانی "شارستانی"!

## بەیاننامەی دووەمی هەرسێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی (عێراق و کوردستان و حیکمەتی/خەتی ڕەسمی)

مەکینەی جەنگیی دەوڵەتی تاوانکاری ئیسرائیل ڕۆژانە گیانی دەیان و سەدان کەسی بێتاوان لە غەززە دەکاتە قوربانی. ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا، کە بە خۆبەزلزانین و بەوپەڕی بێشەرمییەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە "پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی فەلەستین"، سێ نەخۆشخانەی ئەلشەفا و ئەندەنوسی و قودس لەلایەن فڕۆکەکانی ئیسرائیلەوە بۆردومان کران. بەهۆی بەردەوامی بۆردومان و هەروەها هێرش بۆ سەر ئەمبولانسەکان تا ئێستا ژمارەی وردی قوربانیانی ئەم هێرشانە نادیارە. لە نەخۆشخانەی ئەلشەفا باس لەوە دەکرێت کە دەیان کارمەندی پزیشکی و ئەوانەی لەوێ چارەسەریان بۆ کراوە کوژراون و بریندار بوون.

ئەم ڕۆژانە غەززە لە خوێن و تاواندا نوقم کراوە! حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل، وەک باسکی دڕندەیی و تاوانکاری حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی، بڕیارە بەپێی نەخشە و بڕیاری ڕاگەیەندراو ژیان لە هەموو زیندەوەرانی ئەم ناوچەیە بسێنێتەوە. ئەوان بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە هیچ یاسایەک لە کەرتی غەززەدا مانی نییە! هیچ بەڵێن و پەیمان و ڕێکەوتنێک کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بڕیاریان لێدراوە، لێرەدا کاری پێناکرێت! لێرەدا تاکە یاسای زاڵ، یاسای یانەی تاوانبارانی جەنگە، کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات و قەسابەکانی دەزگای حوکمڕانی ئیسرائیل فەرماندەیی دەکات. لە کەرتی غەززە، کورەکانی سووتاندنی فاشیزمی ئیسرائیل کە لەلایەن دەوڵەتمەدارانی ڕۆژئاوا و پنتاگۆن و سەرۆکەکانی حکومەتی ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێن، شەو و ڕۆژ بە بڵێسەی بەرزەوە کار دەکات بۆ ئەوەی گیانی ئینسانەکان بستێنێ. هیچ کەسێک سەلامەت نییە، تەنانەت بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەخۆشخانە و پەناگەی پەنابەران کەلە ژێر "پاراستن"ی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە سەلامەت نین. ئەمڕۆ کەرتی غەززە بووەتە کوشتارگەی هەزاران کەسی بێتاوان و دیمەنی دارمانی هەموو بەها مرۆییەکانی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی". ئەو برینەی کە تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل و لایەنگرانە جیهانییەکانی کردوویانەتە جەستەی مرۆڤایەتی، هاوشێوەی ئەو برینەیە کە فاشیزمی هیتلەری کردیە سەر ویژدانی مرۆڤایەتی.

بەڵێ ئێرە کوشتارگەی غەززەیە، کوشتارگەیەک کە مۆری خوێناویی جیهانی ڕۆژئاوای بە ڕابەری ئەمریکا و جێنشینەکەی، واتە ئیسرائیل و بەهاوکارییەکانی حکومەتەکانی ئەورووپا لە جەستەی ئەو کۆمەڵگەیە داوە، لە شەقام و قوتابخانە و ئۆردوگای پەنابەران و ئۆفیسی ڕۆژنامەنووسان و ماڵی چەند ملیۆن کەس و کێڵگە و شاخ و دەشت و...هتد. لێرەدا ئیتر یاسای "جیهانی شارستانی دیموکراسی بازاڕی ئازاد" جێبەجێ کراوە! لێرەدا غەززە وێرانکراوە، شوێنێکە کە هەموو بوونەوەرێکی زیندووی تیا دەکوژرێت بۆ ئەوەی نەیارانی ئەم بەربەرییەتە لە هەموو جیهاندا، لە ئەورووپا و ئەمریکا، لە تیرۆر و ترسدا بخنکێن. بڕیارە ئەم بەربەرییەتە هەموو کەس و هەموو ویژدان و هوشیارییەک، دەربڕینی هەموو هەستێکی نەفرەت و هەر خواستێکی عەدالەتخوازانە و ئینسانی لە سەرانسەری جیهاندا و لە خودی ڕۆژئاوادا بکوژێت و ناچاری بکات بە بێدەنگی و تەسلیمبوون.

سەرکردە و فەرماندەکانی ئەم تاوانە تەنها لە ئیسرائیلدا نین، ئەنجامدەرانی سەرەکی ئەم جینۆساید و دڕندەییە لە قامەتی سەرۆک کۆمار و شا و فەرمانڕەوا و وەزیر و پەرلەمانتارەکاندا لە واشنتۆن و لەندەن و بەرلین و پاریس و...دا خۆی نیشانداوە. بەڵام "نەیارانی" ئەم کوشتارە بەکۆمەڵە، لە چین و ڕووسیاوە تا سعودیە و ئێران و قەتەر و ...هتد ، کە "لایەنگرانی" درۆزنی خەڵکی بێتاوانی فەلەستینن تاوانبارن، چونکە ڕەخنەی نیوەناچڵ لە قەبارەی دڕندەیی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئەورووپا دەگرن و ئەو کوشتن و تاوانانەی دەرهەق بە چەند ملیۆن خەڵکی بێتاوان کراوە، کردۆتە دەستمایەی بردنی بەشی هەرچی زیاتر لە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە جیهاندا و وەرگرتنی ئیمتیازات لە وڵاتانی ئەورووپا. دەستی هەموو زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکە بە خوێنی خەڵکی فەلەستین سورە.

ئەمە جینۆسایدێکی ڕون و ئاشکرایە کە تێیدا خەڵکی فەلەستین تاکە قوربانییە، لە ڕاستیدا ئەمە شەڕێکە لەدژی بەشەریەتی موتەمەدین، لەدژی دادپەروەری و مرۆڤایەتیە لە سەرانسەری جیهان و لە خودی ڕۆژئاوادا، بە پاساوی حەماس! ئەم شەڕە بۆ ملکەچ پێکردنی ئەو خەڵکەیە کە لە دژی مەکینەی جەنگی ئەمریکی و ڕۆژئاوا هاتونەتە مەیدان.

ئەم شەڕە دژی بەئاگابوونەوەیەکی گشتی و جیهانییە لە بەرامبەر دەیان ساڵ جەنگ و خوێنڕشتن و پڕوپاگەندەی جەنگی و میلیتاریزم و ئاپارتاید و کۆمەڵکوژی لە سەرانسەری جیهاندا. ئەو بەئاگاهاتنەوەیەی کە ئەمڕۆ بەرامبەر بە جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین

لەلایەن حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل و بە هاوڕێیەتی و بەشداری ولاتانی ڕۆژئاوایی لە ئەورووپا و ئەمریکادا سەری بەرزکردۆتەوە، هەموو هاوکێشە مێژووییەکان و یاسا و ڕێساکان کە هەبووە و ئارامیی دەسەلاتدارانی پووچەڵ کردووەتەوە. ئەم شەڕە دژی ئێمەیە، ئێمەی دژ بەتاوان، ئێمەی دژ بەڕەگەزپەرستی و بۆمباباران و کوڕپەکوژی و درندەیی، ئێمەی دژی بە جینۆساید و هۆلۆکۆستی جیهانی سەرمایەداری.

یانەی تاوانبارانی جەنگ مەگەر ئەم ئاواتە نەگریسە بە خەو ببینن. ئەمڕۆ چیتر سەردەمی شەڕی ڤێتنام نییە، سەردەمی هێرشکردنە سەر خەڵکی ئەفریقا و کوشتن و تاوانکاری بەرامبەریان نییە. سەردەمی لە مەیداندابوونی بۆش و بلێر و کوشتاری فراوانی نەخشەمەندانەی خەڵکی عێراق لەپێناو "فراوانکردنی دیموکراسی" نییە. سەردەمی کوشتنی خەڵک نییە لە ئەفغانستان بەناوی "شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم". سەردەمی "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە" لەژێر ناوی "یارمەتیدانی شۆڕش" لە سوریا و لیبیا و کوشتنی سەدان هەزار کەس و بێ ماڵ و حاڵکردنی سەدان ملیۆن کەسی نییە. ئەمڕۆ لاپەڕەکی تر هەڵدراوەتەوە و خەڵکی عەدالەتخواز و مرۆڤدۆست، چیتر خەڵکانێک نین کە پێشتر ترس بەسەریاندا زاڵ بوو! ئەم کۆشکی درۆ و دووڕوویییەی دەوڵەتانی "شارستانی"ی ڕۆژئاوا بە "دیموکراسی ڕۆژئاوایی" و "دەنگدان" و "مافی مرۆڤ" لە مێژە ڕووخاوە. ئەو واقعییەتەی کە بەرگری کردن لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی تاکەکەسی و مافی ناڕەزایەتی و ئازادی ڕادەربڕین، ڕووبەڕووی قەڵغانی ئاسنینی "دەوڵەتە دیموکراسیەکان" لە ڕۆژئاوادا دەبێتەوە، ڕووی ڕاستەقینەی "دیموکراسی ڕۆژئاوا"ی لەسەر ئەرزی واقع نیشانی هاوڵاتیانی ولاتانی ڕۆژئاوا داوە و ناوەڕۆکی بێمانای بانگەشەی "نوێنەرانی جیهانی موتەمەدنی"، هەرچی زیاتر لە جاران ئاشکرا کردووە. ئەمڕۆ ئەم کۆشکی تاوان و درندەیەتیە لەلایەن "بەشەردۆستان"ەوە خەریکە دەڕوخێت. ئەوە ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەی حاکمانی جیهانە کە لە لەندەن و واشنتۆن، لە بەرلین، ڕۆما و پاریس، لە تاران، قاهیرە و ڕیاز و لە هەموو شوێنێک کەوتۆتە بەردەم تەحەدای جەماوەر لە خوارەوە.

ئەم ڕۆژانە و هاوکات لەگەڵ تاوانەکان لە دژی خەڵکی فەلەستین، هەموو جیهان بۆتە مەیدانێک بۆ دادگاییکردنی فەرمانڕەواکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، و ئەورووپا و... ئەمەش بە تاوانی وەحشیگەری و تاوانی سیستماتیکی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەمڕۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی و ئینساندۆستی و شارستانییەت لە هەموو کاتێک زیاتر لە قولایی کۆمەڵگەدایە، لە گۆڕەپانە گەورەکانی شارەکانی جیهان و لە ڕیزی ملیۆنان کەسی ئینساندۆستی ئاسیا تا ئەورووپا و ئەفریقا. چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین لە هەرکاتێک زیاتر لە جاران بەستراوەتەوە بە توانا و بڕیار و ئیرادەی هەر ئەم خەڵکەوە. هەروەک ئەوەی کە ئێمە سێ حیزب پێشتر ڕامانگەیاندووە، کە تەنها ڕێگای ئاشتی پایەدار لەم ناوچەیەدا پێکهێنانی دوو دەوڵەتە. بەڵام کۆتایی هێنانی دەستبەجێی ئەم کۆمەڵکوژیە، کۆتایی هێنان بە گەمارۆی سەر خەڵکی غەززە و کردنەوەی ڕێگا بۆ هاوکاری مرۆیی سووتەمەنی و خۆراک و دامەزراوە پزیشکییەکان و هەروەها پێشگرتن بە تاوانکاریەکانی ئیسرائیل و جێهێشتنی ناوچە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەلەستین بۆ سەر ژیانی خۆیان، پێشمەرجی هەر جۆرە ئاشتیەکە لەم ناوچەیەدا، شتێک کە خەڵکی موتەمەدن و ئینساندۆست، ڕۆژانە وەک داواکاری بەپەلەی خۆی هاواری بۆ دەکات. ئەمڕۆ جیهان کۆتایی هێنان بە کوشتن و تاوانەکانی ئیسرائیل و جڵەوکردنی مەکینەی تاوانکاریەکانی حکومەتە فاشیستیەکەی نەتانیاهۆ و هاوپەیمان و هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی دەخوازێ.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی)**
**٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٣**

**ڕێگاچارەی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە کۆتایی هێنانی هێرشی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی غەزە:**

*** ڕاگرتنی جەنگ و کۆتایی دەستبەجێی بۆردومانی کەرتی غەززە!**

*** کۆتایی هێنانی دەستبەجێی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی کەرتی غەززە!**

*** ناردنی دەستبەجێی هاوکاری دەرمانی و پزیشکی، خۆراک و.. بۆ کەرتی غەززە!**

*** داماڵینی دەستبەجێی ناوچەکە لەچەک و کشانەوەی کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا و هێزی سەربازی ولاتانی ڕۆژاوا لە ناوچەکە!**

**کشانەوەی دەستبەجێی ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەلەستین بۆ شوێنی کار و ژیانی خۆیان و وەستانی هەر هەڕەشەیەک لە دژیان!**

# سیاسەتی پاکتاوکردنی فەلەستینیەکان!

## عوسمانی حاجی مارف

کاتێک فەلەستینییەکان بێدەنگ دەبن، پشتگوێ دەخرێن. کاتێک بەرەنگار دەبنەوە بە شەیتان ناوزەند دەکرێن. راستە ڕووداوەکانی زیاتر لە سی ڕۆژی ڕابردو، مەترسیەکانی پشتگوێخستنی پرسی فەلەستین نیشان ئەدەن. لەهەمانکاتدا دەبینین ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی، بەمەبەست بەو ئەنجامە نەگەیشتون کە دەبێت ئەم کارەساتە بەجددی وەربگرن و مامەڵەی بکەن کە فەلەستینیەکانی لە غەززە تووش کردووە. لەهەمانکاتدا نەک نەیانویست ڕێگاچارەیەکی عەمەلی و ئینسانیش بدەن بەدەستەوە، بەڵکو ئیسرائیل گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی توندوتیژتر دەستپێبکات بۆ لەناوبردنی ئەوان.

ڕەنگە دوای ئەوەی ئیسرائیل دڵنیابێت کە بۆردومانە ئاسمانیەکانی باڵەخانە و تونێلەکانی وێران کردووە، هێرشەکانی بەردەوامی پێبدات و سەربازەکانی بەکاربهێنێت. لەهەمانکاتدا دەستدرێژیەکانی لەڕووی پانتاییەوە فراوانتر دەبن. پێشبینی دەکرێت لەسەرەتادا ئەم ئۆپەراسیۆنانە لە باکووری کەرتی غەززە چڕبکرێنەوە، چونکە ئەمە ئەو بەشەی غەززەیە کە ئیسرائیل فەرمانی بە دانیشتووانەکەی داوە چۆڵی بکەن. هەروەها کە هێرشەکانی بۆ سەر حەماس لەوێ چڕ کردۆتەوە. ئەمەش بەناوی ئازادکردنی ئەو بارمتانەیە کە بەدەست حەماسەوەن، بەڵام ئەمجۆرە لە هەڵگیرسانی شەڕ، سیاسەتی پاکتاوکردنە بۆ مەرامێکی سیاسی تر نەک ڕزگارکردنی بارمتە گیراوەکانی لای حەماس.

تائێستا ڕوون نیيە کە بۆردومانی ئاسمانی و لەشکرکێشی زەمینی بوبێتە هۆی نەهێشتنی حەماس یان کەمکردنەوەی تواناکانی، بەڵام ئاستی قوربانیەکانی خەڵک بەرچاوو بێشومارە. تەنانەت ئەگەر ئیسرائیل سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێت لەمیانەی لەناوبردنی تەواوی تۆڕی ئەو تونێلانەی کە حەماس لە کەرتی باکوری غەززە لێیداون، بەڵام هێشتا باشووری غەززەش تۆڕێکی بەرفراوانی تونێلەکان لەخۆدەگرێت. بۆیە ئۆپەراسیۆنەکان لەوێ زۆر قورسترو سەختتر دەبن. لەهەمانکاتدا ئەوەی جێگای سەرنجە ئەگەری ئەوە هەیە ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل لە باشور ببێتە هۆی قوربانی و کوژرانی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵکی مەدەنی، چونکە شەڕی شارەکان سەخت و قورسن.

سەربازانی ئیسرائیلیش لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دواییەی شارەکاندا ئاستێکی بەرزی تواناو پیشەیی بوونیان نیشان نەداوە، بۆیە تاکتیکی شەڕەکانیان زیاتر پشت بە وێرانکاری و قوربانی و کوشتارێکی زۆر دەبەستێت. بەئاشکراش ئەم ڕۆژانە غەززە لە خوێن و تاواندا نوقم دەکەن! حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل، وەک باڵێکی دڕندەیی و تاوانکاری حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی، بڕیارە بەپێی نەخشە و بڕیاری ڕاگەیەندراو ژیان لە هەموو زیندەوەرانی ئەم ناوچەیە بسێنێتەوە.

لە لێدوانە فەرمیەکانی ئیسرائیلدا، بەڕوونی دەرکەوت کە ئیسرائیل لە وەڵامدانەوەیدا بڕیاری پێشێلکردنی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان داوە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبونی ئەو پێشێلکاریانەی ڕۆژانە دەبینرێن، ڕۆژئاواو ئەمریکا چاویان لێداخستووەو پاساو بۆ تاوانەکانی دەهێننەوە.

ناتانیاهۆ هەوڵەدات سەرکردەکانی ئەوروپا ڕازی بکات بۆ فشارخستنە سەر میسر، بۆ وەرگرتنی پەنابەرانی کەرتی غەززە بۆ ناو خاکەکەی. هەروەها دەیەوێت میسریەکان لانی کەم لەماوەی ئەم هێرشە دڕندانەیەی بۆ سەر دانیشتوانی غەززە ئەنجامی ئەدات، جێگایان بکەنەوە، بەڵام ئەوەی ناتانیاهۆ دەیەوێت ئەوەیە بەڵکو میسر دەرگاکانی بکاتەوە تا ئیسرائیل بتوانێت بۆ هەمیشە دایانبخات. هەروەها سەرکردە باڵاکانی ئیسرائیل و بەشێک لە بەرپرسانی پێشوو درێغی ناکەن لە بەشداریکردن لە مشتومڕێکی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوونی زۆرەملێی فەلەستینیەکان لە غەززەوە بۆ میسر. لەم بارەیەو میسر جارێ هیچ ڕێکەوتنێکی نەکردووەو ڕۆشنیش نیە هەڵوێستی چۆن دەبێت، تائێستا بێدەنگی هەڵبژردووە.

ئەم فشارانەی ناتانیاهۆ هاوکاتە لەگەڵ ڕاپۆرتە بەردەوامەکانی وەزارەتی ئیستخباراتی ئیسرائیل، کە بەڵگەنامەیەکیان بڵاوکردۆتەوە لیستی ئەو بژاردانەی خستۆتەڕوو کە دراوە بە دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فەلەستینیەکان لە غەززەدا. بۆئەمەش لەنێو ئەم بژاردانەدا ئەوەیە کە ئیسرائیل ناوچەی پارێزبەندی چەند کیلۆمەترێک لەقووڵایی خاکی میسردا دروست بکات و ڕێگەی گەڕانەوەیان نەبێت، لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، ئەم پرۆژەیە پێویستی بەوەیە ئیسرائیل هەوڵی چڕوپڕ بدات بۆ ڕاکێشانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا.

لەڕاستیدا ئیسرائیل لەڕێگەی وەزارەتی ئیستخباراتەوە دان بەوەدا دەنێت کە پاکتاوکردنی دانیشتوانی غەززە ئێستا بەشێکە لە پاکێجی چەمکی سیاسەت و مامەڵەکردن لەگەڵ فەلەستینیەکاندا. دروستکردنی هەلومەرجێک بۆئەوەی ژیان لە کەرتی غەززەدا نەتوانرێت بەردەوام بێت، کە دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی دانیشتوانی کەرتی

غەززە بۆ میسر یان کەنداو.

لایەنگرانی ئیسرائیل، لە ئەمریکا و لە ڕۆژئاوا زۆرباش ئاگاداری ئەم نەخشەو سیاسەتەی ڕاسترەوەکانی ئیسرائیلن. هەروەها لەباری عەمەلیشەوە ئەم هێرشە بەربەری و درندەیەی ئێستا ئیسرائیل پیادەی دەکات، هەنگاوە عەمەلیەکانی ئەو سیاسەتی پاکتاوکردنە نیشان ئەدات، بەڵام زۆر بێشەرمانە بێدەنگی لێکراوە، بەپاساوی بەدیهێنانی ئاسایش بۆ ئیسرائیل، واتە دەبێت سەروو دوو ملیۆن لە خەڵکی غەززە بەزۆرەملێ لەناو بیابانەکانەدا جێگایان بۆ بکرێتەوە، تاوەکو ئیسرائیل بەمشێوەیە دەوڵەتە دینی و فاشیستەکەی پارێزراوبێت.

ئەوەی بەتایبەتی جێگەی سەرسورمانە، وولاتانی ڕۆژئاوا چاودێری هەموو ئەو شتانە دەکەن کە ئێستا ڕوودەدەن، بەڵام کارە درندەکانی حەماس کە لە ٧ی ئۆکتۆبەردا ئەنجامیدا، دەکەنە بیانوویەک بۆ عەمەلیکردنەوەی سیاسەتی پاکتاوکردنی تەواوی دانیشتوانی غەززە. تەنانەت لەکاتێکدا ئیسرائیل بەردەوامە لە قڕکردنی هەزاران خەڵکی غەززە، هەروەها زۆرێک لە خەڵکی دیکە لەژێر داروپەردو و کەلاوەی دارماوی باڵەخانەکاندا ژیان دەکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا و وولاتانی هاوپەیمانی ئەورووپی ڕەتیانکردەوە شالاوی بەربەریەتی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بوەستێنن، یان تەنها بەردەوامن لە دەربڕینی ئیدانەکردن بەرامبەر کوشتنی ئیسرائیلیەکان لە هێرشەکەی حەماسدا بۆ سەرئیسرائیل.. بۆیە ئەوە دەرکەوت ئەم کارەی ئیسرائیل دەیکات بەپشتیوانی هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژئاواو و ئەمریکا، تۆڵەکردنەوەی کاریگەری قوربانیەکانی هێرشەکەی حەماس نیە! سیاسەتێکی پێشینەی پاکتاوکردنە بۆ دەرچونی ئیسرائیلە لەو قەیرانانەی هەفتا ساڵە لەبەرامبەر کێشەی فەلەستیندا دەرگیریەتی. لەهەمانکاتدا بۆ ڕووبەربونەوەی ئەو قەیرانەیە کە ئێستا لە پەیوەند بەو ئاڵوگۆڕانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەن، پێکهاتوە. ئەوە بێجگە لەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دەیەوێ بەپاکتاوکردنی فەلەستینیەکان پێگەی داهاتووی خۆی بچەسپێنێت و باسێکیش دەربارەی دەوڵەتی فەلەستین لەئارادا نەبێت.

لەلایەکی تریشەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خۆپیشاندانانەی لە پایتەختەکانی ڕۆژئاوا ڕوودەدەن و درندەیەکانی ئیسرائیل لە غەززە ئیدانە دەکەن، لەنێویاندا ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری جولەکەکان، لە بەرگریکردن لە هەموو قوربانیەکان بەبێ جیاوازی لە دوای هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبەرەوە پێشهاتوە، ئاستی ئنیسانیەتی جوڵانەوەیەکە کەتەواو پەرچەکرداری دروست لە بەرامبەر ئیسرائیل و ڕۆژئاواو ئەمریکادا دەردەبرێت. هەروەها لەناو خودی ئیسرائیلیشدا ئەم جووڵانەوە دژی بەربەریە، دەنگ و نارەزایەتیان هەیە.

لەکاتێکدا ململانێ نارەواکانی ئیسرائیل لەبەرامبەر خەڵکی فەلەستیندا دابەشبوون و نارەزایەتی لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا گەورەترکات، حەتمیە لە بەهێزبونیدا بێکاریگەر نابێت لە سەر مەزاجی گشتی و فشار دەخاتە سەر ڕۆژئاواو ئەمریکا بەئاقاری ئەوەی دۆخەکە بگۆڕدرێت، بەتایبەتی لە شوێنێکدا کە پرۆسەی نەچونەپێشەوەی سیاسەتەکان و بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل زیانی زیاتر بە خودی ئیسرائیل بگەیەنێت. لە ناچاریدا ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەکە ڕاگرن، بەڵام لەئێستادا ئەم گۆڕانکاریە دیار نییە. بەڵگە بۆ ئەمەش ئەوەیە کە ئیسرائیلیەکان ئێستا بەئاشکرا باس لە پاکتاوی غەززە دەکەن بەرامبەر بە زیاتر لە دوو ملیۆن فەلەستینی لە غەززەدا کە سەرگەردان کراون، بەبەرچاوی وڵاتانی ڕۆژئاواوە، ئەم پاکتاوکردنە لەباری جێبەجێکردندایە و بەری پێناگرن و بەردەوامن لە پیلانێکی پڕ شەرمەزاری و بەئاشکرا کاری لەسەر دەکەن، بە بۆردومان و وێرانکاری و کوشتاری بەکۆمەڵ و هێرشی سەربازی شالاوێک پیادە دەکەن کە دانیشتوانی غەززە ناچار بە ئاوارەیی بن.

مەگەر سەرنەکەوتنی هێزی سەربازی ئیسرائیل لەبەرامبەر بەرەنگاری یان ڕوداوێکی کوتوپڕدا بەرەوڕووبێتەوە، یان ئاستی شەڕەکە پەلبهاوێت و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە، ئەمەش بە ئەگەری دەخالەتی ئێران و هاوپەیمانەکانی ڕوئەدات و ناوچەکە تەواو دەشێوێنێت و ئاگری شەڕەکە وەها گەورە دەکات، ئەگەری ئەوە دێنێتە پێشەوە ئەم پلانی پاکتاوکردنە بە کارەساتی تر پاشەکشەی پێبکرێت. لەمانە گرنگتر و کارسازتر بەهێزبونی ئەو نارەزایەتیە بەرفراونە جەماوەریە جیهانیەیە کە ئێستا لەمەیداندایە و دژ بەو داگیرکاری و هێرشە بەربەریە هەڵوێستیان گرتووە، کە بەرامبەر دانیشتوانی فەلەستین دەکرێت. لەهەمانکاتدا پێداگری لەسەر دوو دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیل دەکات.

★

**ناچارکردنی ئیسرائیل بە ڕاگرتنی جەنگ و ملدان بە ئاشتی و قبوڵکردنی دەوڵەتی فەلەستین لە پاڵ دەستبەجێ ڕاگرتنی سیاسەتی نیشتەجێکردنی جولەکە لە شوینی فەلەستینیەکان و قبوڵکردنی مافی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ فەلەستین، سەرەتای ئەو هەنگاوەیە کە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو چارەسەر دەبات و زەمینەی سەرهەڵدان و گەشانەوە و مانەوەی ڕەوتە ڕاسترەوو تیرۆریستەکانیش لە هەردوو بەرەی کێشەکە لەنێودەبات!**

# فەلەستین، لە سەربەخۆییەوە بۆ ئازادی!

## مەنسور حیکمەت

**وەرگێڕانی: کاوە عومەر**

دەوڵەتی ئیسرائیل درێژە بە شەڕە شەرمەزارکەرەکەی لەگەڵ منداڵانی فەلەستین دەدات. ئەمڕۆ (١٦ی نۆڤەمبەر)، هەشت کەسی دیکە کە منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵانیان تێدایە، بە گوللە کوژران. وە دیسانەوە گلەیی لە توندوتیژی فەلەستینییەکان دەکەن لەگەڵ ئەمریکا! زیاتر لە سەدا ٩٠ لە ٢٤٠ قوربانی ڕووداوەکانی ئەم دواییە فەلەستینین و زۆربەیان منداڵ و تازەپێگەیشتوون. ئەمە لە قامووسی هەموو کەسێکدا تاوانی جەنگیە. جینۆسایدە. ئەمە نموونەیەکی بەرجەستەی تیرۆری دەوڵەتییە. لە کاتێکدا سەرۆکی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و داڕێژەرانی سیاسەتی ڕاگەیاندن هێشتا بەردەوامن لە پشتیوانی تاکلایەنە لە ئیسرائیل و شاردنەوەی ئەو ڕاستیانە، بیروڕای گشتی لە ڕۆژئاوا و تەنانەت ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی ڕۆژئاواش خۆیان ڕوو لە بەرژەوەندی فەلەستینییەکان دەسوڕێن و دژی حکومەتی ئیسرائیل دەکەن.

کۆکردنەوەی دژە فەلەستین و دژە عەرەب لە ڕۆژئاوا دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئیتر مومکین نییە. دەرەنگ یان زوو ئەم بۆشاییە قووڵەی نێوان پروپاگەندەی حکومەت و تێڕوانینی خەڵک بۆ ڕووداوەکانی ئێستای فەلەستین دەردەکەوێت. منداڵێکی فەلەستینی کە لە ڕێگای قوتابخانە یان لە باوەشی باوکە بریندارەکەیدا دەمرێت، کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لەگەڵ دووڕوویی سروشتی بیروڕای زاڵ و هێڵی فەرمی ڕووبەڕوو دەکاتەوە. جێگای گومانە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بتوانن بۆ چەندین ساڵی تر درێژە بەئەم پشتیوانییە کوێرانە و بێ ڕەخنەیەی ئیسرائیل لە بەرانبەر عەرەبدابدەن.



گومانی تێدا نییە کە بەشێکی زۆری خەڵکی ئیسرائیل خوازیاری ئاشتی و پەیوەندییەکی ئینسانی و دادپەروەرانەن لەگەڵ خەڵکی فەلەستیندا. گومانی تێدا نییە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئیسرائیل دەزانن و دەرکیان بە قووڵایی ئەو چەوساندنەوەیە کردووە کە لەم نیو سەدەیەدا بەسەر خەڵکی فەلەستین کەوتووە و دنین پێداناوە.بەڵام ئەمە بەس نییە. ئیسرائیل ڕاستڕەوێکی نەتەوەیی و ئاینی زۆر بەهێز و چالاکی هەیە، کە هەنگاو بە هەنگاو ئاسۆی چارەسەری ئینسانی کوێر دەکات. عەرەب ڕابینیان نەکوشت،ئەوان کوشتیان. ئەم ڕاستە بە دڵنیاییەوە دەبێت لە ململانێیەکی سیاسی ناوخۆیی نێوان چینی کرێکار و سۆسیالیزم و پێشکەوتنخوازی لەم وڵاتەدا شکست بهێنێت. تا ئێستا ئەمە ڕووی نەداوە. بەبێ ئەم ئەرکە هیچ هیوایەک بۆ ئاشتییەکی بەردەوام و چارەسەرێکی دادپەروەرانە نامێنێت. ئیسرائیلێکی نەتەوەیی و ئایینی ناتوانێت لایەنێکی ئاشتییەکی دادپەروەرانە بێت لە ناوچەکەدا. سەربەخۆیی فەلەستین هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێشەوە. ئەم هەنگاوە نەک هەر مومکین نییە، بەڵکو ئێستا بووەتە شتێکی حەتمی. سەربەخۆیی فەلەستین هاوسەنگی هێز و چوارچێوەی گەشەسەندنی سیاسی ناوچەکە باشتر دەکات. لە بەرژەوەندی سەلامەتی منداڵی فەلەستینییەکە و ڕێبوارە ئیسرائیلییە.

بەڵام ئازادی خەڵکی فەلەستین، ڕزگاری خەڵکی ئیسرائیلیشە لەو تاوانانەی کە بەناوی ئەوانەوە ئەنجام ئەدرێت و ئازادییان لە باروودۆخی نەتەوەیەکی ستەمکار، ڕزگاری هەردوولا لە تیرۆر یزم و ئەو ڕق و کینەیەی کە ناسیۆنالیزم و ئایین لە هەردوو لای ئەم کەلێنەدا سووتەمەنی پێدەبەخشن ، تەنها بە سەربەخۆیی فەلەستین بەدەست ناهێنرێت. ئازادی و ڕزگاری لە فەلەستین و ئیسرائیل پەیوەستە بە سۆسیالیزم و عەلمانیەت لە هەموو ناوچەکەدا. لە پێکهاتنی ئەو وڵات یان وڵاتانەی کە ئینسانەکان وەک هاوڵاتی یەکسانی کۆمەڵگا دەناسرێنەوە، سەربەخۆ لە پەیوەندییە میللی و نەتەوەیی و ئایینییەکانیان یان بیرۆکەکانیان. سەربەخۆیی فەلەستین یارمەتیدەرە بۆ پەرەسەندنی شەڕی چینایەتی لە هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین. لەگەڵ سەربەخۆیی فەلەستیندا، ناوچەکە ڕوو لە چەپ دەکات.

**مەنسور حیکمەت**

**هەفتەنامەی ئینتەرناسیۆناڵی ژمارە ٢٨**

**٢٧ی آبانی ١٣٧٩بەرامبەر بە١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠**

# بەشداری چالاکانەی ڕێکخستنەکانی حزب لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە دواخستنی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران

لەماوەی ڕابردوودا مامۆستایان و فەرمانبەرانی دامەزراوە جیاجیاکانی حکومەتی هەرێم دژ بە دواخستنی مووچەکانیان بۆماوەی ٣ مانگ، زنجیرەیەک خۆپیشاندانیان لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەتایبەتی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی ئەنجام دا.

ئەوەی بەرچاو بوو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناڕازی وەکو پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و کارمەندان و خانەنشینان، بەشداری فراوانیان کرد لەو خۆپیشاندانانەدا و نمونەیەکی شایستەیان لە هاوپشتی و یەکگرتوویی جەماوەری نیشان دا.




شایانی ئاماژەیە کە ڕێکخستن و کادرەکانی حزب لە زۆربەی ناوچەکان بەشداری چالاکانەو کاریگەریان لە خۆپیشاندانەکاندا کردو چەند کاردی حزبیش لەناو خۆپیشاندەرانەوە لێدوانیان بۆ کەناڵەکانی



ڕاگەیاندن داو پشتیوانی حزبیان بۆ نارەزایەتیەکان و خواستەکانی مامۆستایان و کارمەندان و خۆپیشاندەران ڕاگەیاند. هاوکات پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ دەستبەجێ حکومەتی هەرێم سەرجەم مووچە دواخراوەکان بدات و پابەندبێت بە دانی مووچە لەکاتی خۆیدا.

☆



ئامانجی ئەم نامیلکەیە ناساندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و دیدگا و ئامانج و سیاسەتەکانیەتی، لەڕێگای وەڵامدانەوە بە کۆمەڵێک پرسیارەوە کە لە مەیدانی جۆراوجۆر و لە بۆنەی جۆراوجۆردا ڕووبەڕووی کادران و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کراونەتەوە. پرسیارەکان لەلایەن ژمارەیەک لە کادرانی حیزبەوە وەڵامدراونەتەوە. مەبەستمان بووە ئەوەندەی بکرێت وەڵامەکان کورت و بەزمانێکی سادە و لە چوارچێوەی سیاسەتە پەسەندکراوەکانی حیزبدا بن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرپرسیارێتی وەڵامەکان لە ئەستۆی ئەو هاوڕێیانەدایە کە وەڵامیان داونەتەوە. ئەمە بەتایبەتیش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕاستە کە بوونەتە هۆی وروژاندنی هەندێ مەسەلەی سیاسی و تیۆری کە هیچ پەسەندکراوێکی حیزبی لەبارەیانەوە نییە، نەک هەر ئەمە بگرە لە ئەدەبیاتی تائێستای حیزبدا ڕەنگە شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەوترابێ. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە وەڵامدانەوەی بەشێک لە پرسیارەکان قسەوباس و مشتومڕی زیاتری فکری و تیۆری دەخوازێت، بەڵام بۆ پابەندبوون بە ئامانجی نامیلکەکەوە هەوڵدراوە ئەوەندەی بکرێت وەڵامەکان کورت بن. شەنوکەو و وەڵامی تێروتەسەلی ئەم پرسیارانە دەکەوێتە دەرەوەی ئامانجی ئەم نامیلکەیەوە و دەبێ لەدەرفەتێکی دیکەدا ئەنجام بدرێن.

لە بڵاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ٢٠٢٣

